# چاوخشاندنێک بەسەر کۆمپیوتەرە بچووکەکاندا



## مینی کۆمپیوتەری جۆری Hatron Eco 610 pro

گەر کۆمپیوتەرێکی بچووکت دەوێ بە توانایەکی زۆرەوە دەکرێ بڵێین مینی کۆمپیوتەری جۆری Ha-tron Eco 610 pro گونجاوە. پرۆسیسەرەکەی لە جۆری ٤٢٠٠Uی کۆمپانیای ئەنتەلە. لە ریزی core i٥دایە. رامەکەی ٨ گیگابایتە، شوێنی هەڵگرتنی داتاکانی ١٢٨ گیگابایتە و لە جۆری SSDیە، کارتی گرافیکی بەهێزی هەیە، شوێنی کێبڵی HDMI هەیە و شوێنی VGAشی هەیە. کیبۆرد و ماوسی بێ وایەری بۆ دادەنرێ.



## مینی کۆمپیوتەری جۆری Inte NUC6i5SYH

کۆمپانیای ئەنتەل خۆی یەکێکە لە کۆمپانیا گەورەکانی کە گرنگی بە بەرهەمهێنانی کۆمپیوتەری وردیلە دەدات. مینی کۆمپیوتەری جۆری Inte NUC6i-5SYHی کۆمپانیای ناوبراو لە بواری سەختە ئامرازەوە بەهێزە. پرۆسیسەری core i٥ی خودی کۆمپانیای هەیە و رامەکەی ٨ گیگابایتە. شوێنی هەڵگرتنی داتاکانی ٢٤٠ گیگابایتە، سیستەمی وایەرلەسی هەیە. هەرچەندە شوێنێکی HDMI و چوار جێگای USB هەیە. دەکرێت وەك کۆمپیوتەرێکی بەهێز سوودی لێوەربگیرێ.

## کۆمپیوتەری جۆری BIOSTAR RACING P1

کۆمپیوتەری بچووکی جۆری BIOSTAR RACING P1 بەرهەمی کۆمپانیای «بایۆستار»ە پرۆسیسەرەکەی لە جۆری intel z8350ە. رامی ئەم کۆمپیوتەرە بچووکە ٤ گیگابایتە، ریمۆت کۆنترۆڵی تایبەتی لەگەڵدایە بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکان و کۆنترۆڵەکە بە بلوتوس بە لەگەڵ کۆمپیوتەرەکە پەیوەند دەدرێت و جگە لەوە بەشی تایبەت بە دەنگیش کۆنترۆڵ دەکات. شوێنی هەڵگرتنی داتاکان واتە هاردەکەی ٦٤ گیگابایتە و لە جۆری eMMC flashە. سیستەمی ویندۆز ١٠ دەخوێنێتەوە، ستایلەکەی سەرنج راکێشە و هەر چوار دەوری گڵۆپی LED یە کە بە ریمۆت کۆنترۆڵ دەتوانی رەنگەکانی بگۆڕدرێن..



## کۆمپیوتەری جۆری Asus UN65- M025M بچووک



کۆمپانیای asus لە بەرهەمهێنانی مینی کۆمپیوتەردا ئەکتیفتر و چالاکتر بووە، کۆمپیوتەری جۆری Asus UN65- M025M ئەویش هی کۆمپانیای ناوبراوە. ئەم کۆمپیوتەرە بە باشی شوێنی کۆمپیوتەرە گەورەکان دەگرێتەوە و هەمان توانایی ئەوانی هەیە چونکە پرۆسیسەرەکەی لە جۆری core i7 کۆمپانیای ئەنتەلە، رامەکەی ٨ میگابایتە و شوێنی هەڵگرتنی داتاکان ١٢٨ گیگابایتە. کارتی گرافێکی بەهێزی هەیە. جگە لە شوێنی HDMI و VGA شوێنی دانانی کێبڵی Dispay portشی هەیە، کێشی کۆمپیوتەرە بچووکەکە تەنیا ٦٠٠ گرامە.

مێژووی کۆمپیوتەر قۆناغێکی دووردرێژی بڕیوە، ئەگەر بەراوردێك لە نێوان یەکەم کۆمپیوتەر و دوا کۆمپیوتەرەکاندا دەکەین مرۆڤ سەری سوڕدەمێنێ، یەکەم کۆمپیوتەرەکان ئەوەندە زەبەلاح بوون کە گۆڕەپانێکی گەورەیان دادەگرت، بۆ نموونە یەکەم کۆمپیوتەر هەر درێژییەکەی ٣٠ مەتر بوو و لەگەڵ بەرزایی دوو مەتر، بەڵام کۆمپیوتەرە وردیلەکان لە پەنجەی دەستدا جێگایان دەبێتەوە و بەقەد فلاش میمۆریەك دەبن.. لێرەدا چاو بەسەر نوێترین مینی کۆمپیوتەرەکاندا دەخشێنین.

## کۆمپیوتەری جۆری Asus TS10-B003D بچووک



یەکێك لە جۆرەکانی مینی کۆمپیوتەرەکان جۆری stick pc کە بەقەد فلاش میمۆری دەبێت و بە کێبڵی HDMI بە مۆنیتۆر و تەلەڤزیۆنەوە پەیوەند دەدرێت و خێرایی وەك کۆمپیوتەرێکی ئاسایی دەبێت. مینی کۆمپیوتەری جۆری Asus TS10-B003D کی هی کۆمپانیای ئەیسۆسە یەکێکە لەم کۆمپیوتەرە بچووکانە. پرۆسیسەرەکەی لە جۆری X5-Z8350ە. خێراییەکەی ١,٤ گیگایە. رامەکەی ٢ گیگابایتە. هارد و جێگای داکردنی داتاکانی ٣٢ گیگابایتە. ماوس و کیبۆردی بۆ دادەنرێ و شوێنی کێبڵی USBی هەیە.

## مینی کۆمپیوتەری جۆری Asrock Beebox 3160



کۆمپیوتەری وردیلەی جۆری Asrock Beebox 3160 هاوشێوەی ئەو کۆمپیوتەرانەیە کە ئاماژەمان پێدان. پرۆسیسەری جۆری j3160ە هەیە خێراییەکەی دەگاتە ١,٦ تا ٢,٢٤ گیگاهێرتزە. رامی کۆمپیوتنەرەکە ٤ گیگابایت و لە جۆری DDR3Lە. شوێنی هەڵگرتنی داتاکان واتە هاردیسکەکەی ١٢٨ گیگابایتە، بەڵام کارتی گرافیکی نییە و ٣ جێگای USB هەیە لەگەڵ دوو جێگای HDMI، ئەم کۆمپیوتەرە دەتوانێت لە شوێنەکانی راهێنان و فێرکاریش سوودی لێوەربگیردرێت.

## مۆنیتۆرێکی پۆرتێبڵی سەرنج ڕاکێش

کۆمپانیای asus کۆمپانیایەکی ناسراوە لە بواری بەرهەمهێنانی ئامێرە دیجیتالیەکانی سەردەمدا، نوێترین بەرهەمی کۆمپانیای ناوبراو مۆنیتۆر (شاشە)یەکی پورتێبڵی ١٥,٦ ئینجە.

شاشەی جۆری ZenScreen MB16AC ستایلەکەی سەرنج ڕاکێشە، بارستاییەکەی تەنیا ٨ ملمە وکێشی ٧٨٠ گرامە. ستاند یا پایەکەی بە جۆرێك دروستکراوە بەکارهێنەر بەویستی خۆی دەتوانێ بەکاری بێنێت. شاشەکە زۆر خێرایە و لە کەمتر لە ٥ ملمی چرکەدا وەڵام دەداتەوە. شوێنی کێبڵی USB-C هەیە بۆ پەیوەندی لەگەڵ زۆربەی ئامێرەکان تەنانەت تەبلێت و مۆبایلیش. هەستەوەرەکانی مۆنیتۆرەکە بە جۆرێکن وێنەکان بە شێوەی ئاسۆیی و ستونی دەسوڕێنن.





## پاوەربانك بۆ شەحنکردنەوەی گشت لاپتۆپێک

پاوەربانك یا شەحنی سەفەری، بەو باترییە بچووکانە دەگوترێ کە لەکاتی پێویستدا و ئەوکاتانەی وزە کارەبا نییە دەتوانرێت ئامێرەکانی دیجیتالی پێ شەحن بکرێتەوە. پاوەربانکەکان زیاتر بۆ مۆبایلەکان سوودیان لێوەردەگیرێ، بەڵام لەم دواییەدا پاوەربانکی بەهێز بەرهەم هاتوون لاپتۆپیشیان پێ شەحن دەبێتەوە. پاوەربانکی جۆری B222ی کۆمپانیای acer لەگەڵ ئەوەیدا بچووکە بەڵام لەکاتی پێویستدا دەتوانیت لاپتۆپ شەحن بکاتەوە. هێزەکەی ١١٤٠٠ میلی ئەمپێرە.

کانکتۆر یا بە واتایەکی دیکە سەری کێبڵی زۆربەی لاپتۆپەکانی لەگەڵدایە و بۆ زۆربەیان دەگونجێت. کێشەکەی تەنیا ٢٧٠ گرمە و بچوکترین پاوەربانکە کە تایبەت بێت بە گشت ئامێرە ئەلکترۆنیە دیجیتالیەکان کە پێویستان بە بارگاوی کردنی باتری بێت.

## هەر چارە و وەڵامی پرسیارێک



**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت لەماڵەوە هێڵێکی ئینتەرنێتم ڕاکێشاوە، بەڵام پێموایە کەسانێك بەبێ ویستی من هێڵەکە بەکار دێنن، ئایا دەتوانن بێ زانینی پاسۆرد دزە بکەنە مۆدێمەکەت؟ ڕێگا چارەچیە؟**

بەڵێ خوێنەری بەڕێز ئێستا پرۆگرامگەلی زۆر پەیدا بوونە کە بەئاسانی پاسۆردەکەت دەدزن و ئینتەرنێتەکەت دەتوانن بەکاربێنن، بۆ ئەوەی کە تووشی ئەو گرفتە نەبی دەبێ سیستەمی mac address بەکار بێنی چۆنییەتی بەکارهێنانی لە فیلمەکانی یوتیوب سەیر بکە. یان بچۆ ناو مۆدێمەکەت و ناوی وایفایەکەت بشارەوە..



# کاتژمێرێکی سمارتی گرانبایی

کاتژمێرە سمارتەکان بەپێی کارکردن دەبێت زیاتر توێژی وەرزشکاران و ئەو کەسانەی کاری جەستەیی دەکەن بگرێتەوە هەرچەندە کەسانی دیکەش لەبری کاتژمێر و مۆبایل بەکاری دەهێنن.. ئێستا بازاڕ گەرمی کاتژمێرە سمارتەکان لە برەودایە، نوێترین کاتژمێری سمارت Tambour Horizon Watch کە زیاتر بۆ جوانی و ستایلە سەرنج ڕاکێشەکەی بەرهەم هاتووە. کاتژمێرەکە بە هاوکاری گوگل و کۆمپانیای کوالکام بەرهەم هاتووە. سیستەمی کاتژمێرەکە android wear2 یە.

لە ستێلی دژە ژەنگ دروستکراوە، شاشەکەی ٢,١ ئینجی بازنەییە. شاشەکەی جۆری AMOLED یە ، پرۆگرامە ئاساییەکانی وەك زەنگی ئاگادارکردنەوە، تایمێر، ڕاپۆرتی کەش و هەوا، هەنگاو پێوان و زانیاری لەبارەی پەیوەندی و ئیمێل و پەیامە کورتەکانی تێدایە. هەستەوەری تایبەت بە لێدانی دڵ چەند تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە لەکاتژمێرە هاوشێوەکانی دا نییە. پرۆگرامی تایبەت بە فڕینی فڕۆکەکانی تێدایە و جگە لەوە ڕێنوێنی تایبەت بە گەشت و گەڕان و زانیاری لە بارەی ریستۆران و هوتێل و شوێنە مێژووییەکانی هەر وڵاتێکی تێدایە. سیستەمی بلوتوس و وای-فای هەیە. شوێنی هەڵگرتنی داتاکان واتە هاردەکەی ٤ گیگابایتە و رامەکەی ٥١٢ میگابایتە. کاتژمێرەکە بە بەراورد بەکاتژمێرە سمارتەکان زۆر گرانباییە، نرخەکەی دەگاتە نزیکەی ٣ هەزار دۆلار..




## پرۆگرامێک بۆ تۆمارکردنی شاشەی مۆبایل

پرۆگرامەکانی تایبەت بە فێرکاری لە کۆمپیوتەردا گەلێکن، ئەو پرۆگرامانەی بەهۆیەوە دەتوانی فیلمی فێرکاریان لێ دروست بکەی. ئەرکی پرۆگرامەکان ئەوەیە هەرچی لەسەر شاشەیە فیلمی لەسەر تۆمار بکات و دەنگیش تۆمار بکات..

پرۆگرامی Hidden Screen Recorder پرۆگرامێکە تایبەتە بە هەڵگرتنەوەی فیلم بە نهێنی لەسەر شاشە، بۆ نموونە پێتوایە کەسێك بە نهێنی کاتێك مۆبایلەکەت جێ دەهێڵێ دەچێت سەیری کورتە پەیامەکان، پرۆگرامەکان یان پەیوەندییەکانت دەکات، پرۆگرامەکە فیلم لە شاشە هەڵدەگرێتەوە. بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە ئەوانەن:

- تۆمارکردنی دەنگ کاتی فیلم هەڵگرتنەوە هەتا بزانی کێ سەیری مۆبایلەکەت دەکات.
- تۆمارکردن بەبێ هیچ مەودایەکی زەمەنی.
- زەنگ لێدان ئەوکاتەی میمۆرییەکەی پڕ دەبێت.
- تۆمارکدنی فیلم لە چەند پرۆگرامێك پێکەوە.



## سایتێک بۆ دۆزینەوەی هاوشێوەکەت

ڕەنگە ئەو وتەیەتان بیستبێ کە دەڵێن لە جیهاندا حەوت کەسی هاوشێوەی خۆت هەیە، لە بواری زانستییەوە ئەوە نەسەلمێندراوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە کەسانێك هەن کە لە تۆ بچن، ئەگەر بەدوای کەسێکی هاوشێوەت دا دەگەڕێی، سەر لە سایتی http://www.ilooklikeyou.com/ بدە.

لەم سایتەدا دوای ئەوەی کە ئەکاونتێکت کردەوەو چەند وێنەیەکی خۆت بۆ نارد، دەگەڕێت هەتا هاوشێوەکەت بۆ بدۆزێتەوە، ئەگەر کەسێکی هاوشێوەی تۆی نەدۆزیەوە دڵگران مەبە، ڕەنگە ئەو کەسە هێشتا سەری لەم سایتە نەدابێ. لەم سایتە هاوشێوەکان زۆر لێك دەچن، بەڵام گرفتێك هەیە کە جیاوازی ڕەگەزی نەکردووە، ڕەنگە هاوشێوەکەت پیاو یان ژنێك بێت..